# تەسریحەی وەستاو... مۆدەی ساڵی ٢٠١٤



شێوازە جیاجیاکان بۆ ڕازاندنەوەی بووکان، ڕێگەیەکی قورس و تایبەتی پێویستە، لەگەڵ ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەدا، پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی نێوان ستایلی قژ و بەشەکانی دیکەی جەستە دروست دەبن، بۆیە لە سەرەتای هەر کارێکی جوانکاریدا، دەتوانین شێوازێکی تایبەت لە ماکیاژ و جلوبەرگدا بەدی بکەین، لەو کاتەی کە تەسریحەی قژ گرنگتر خۆی دەنوێنێ و لە ڕێگای ئەو تەسریحەوە شێوازێکی تایبەت و نایابمان دەست دەکەوێ، ئەو خانمانەی لە ڕۆژی ئاهەنگدا نیگەران دەبن لەوەی چ جۆرە تەسریحەیەك هەڵبژێرن، ئەوەش چارەسەری هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی جوانییەکی پایەبەرز و جوان، دەتوانین مۆدەیەکی شیاو بەدی بکەین لە جوانی تەسریحەکان، یەکێك لەو تەسریحانە بە تەسریحەی وەستاو (جامدە) یەکێکە لە مۆدەی تەسریحە تازەکان بۆ بووکان، وابڕیارە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو تەسریحەیەی قژ لە سەرتاپای جیهاندا بە تەسریحەی سەرەکی بۆ بووکان بناسرێ، لەو شێوازەدا بەشی پێشەوەی قژ دەخرێتە سەرەوە و بەرەو سەرەوە هەڵدەگیرێ و وەستاو دەبێ، بۆیە ئەو ناوەیان ناوە، چونکە شێوەیەکی وەستاو بە خۆوە دەبینێ و بە تەڵی لە یەکتر جودادا نەخشی تەسریحەکە دادەنرێ، ئەمەش لەگەڵ گشت جۆرە قژێك دەبێ و تەنانەت بۆ ئەوانەی قژیان تەنك و سادە و لوول و خاوە.







# ماکیاژی تۆخی چاو بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان

لە گشت وەرزەکاندا ئاهەنگ و یاد و بۆنەی تایبەت ئەنجام دەدرێن، هەر یەکە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراوە، بەمەش هەر شێوازێك لە جوانی و مۆدەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێ لەو شوێنە، هەر خانمێك بە جۆرێك لە مۆدە و ستایلە و ڕێگاکانی جوانکاری کاری خۆی دەکات، لەو بۆنە و ئاهەنگانەدا، دەبێ ڕەچاوی چەند لایەنێك بکەین، زیاتریش ماکیاژ و جلوبەرگ، کە ئەو دوو بەشە گرنگترین بەشەکانی جوانکاری پێکدەهێنن، لە ڕوانگەی جوانی شێوە و ڕووخساردا، دەتوانین ڕەنگی چاو یان ماکیاژی چاو، بە لایەنێکی گرنگ و تایبەت وەسف بکەین، ڕەنگەکانی ماکیاژ لەگەڵ ئەوەی لە کەشێکی ئاسایی یان لە شوێنێکی ئاسایی لە وەرزی زستاندا دەبێ سادە و ساکار بێ، بەڵام لە کاتی بۆنە و ئاهەنگەکاندا پێچەوانە دەبێ، چونکە هەر یەکە لە بۆنە و ئاهەنگەکان لە هۆڵ و شوێنی داخراو دەبن، بەمەش جوانی ڕەنگ و ماکیاژ دەردەکەوێ لەو شوێنانەدا، بۆیە لەم وەرزەدا و لە کاتی ئاهەنگ و بۆنە تایبەتەکاندا، هەوڵبدەن ماکیاژێکی تۆخ و لە ڕەنگی جۆراوجۆر بێ، بەهۆی ئەوەی وەرزی زستان ڕەنگەکان دەمژێ و دەتوانین ئەو ڕەنگانە لە ڕێگەی ماکیاژی چاوەکانەوە زیندوو بکەینەوە و بگەڕێنینەوە.

## لە وەرزی زستاندا ک

لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان، دەبێ شێوازێکی دیکە لەگەڵ جلوبەرگ دابین بکەین، ئەمەش لە دوو لایەنەوە کاریگەریی دەنوێنێ، یەکێکیان کاتێك جلوبەرگ لە وەرزی سەرما دەپۆشرێ، پێویستە ئەو جلە لە شێوە و جۆرێك بێ کە جەستەو تەندروستیی کەسەکە بپارێزێ، هەروەها لایەنی جوانکاری و مۆدەش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، لەگەڵ ئەو جلەی کە بۆ وەرزی زستان دەپۆشرێ، دەکرێ چەندین جۆرە ئێکسسوار و کەرەستەی دیکەی لەگەڵدا بپۆشین، یەکێك لەو ئێکسسوارە گرنگانەی کە لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشرێ، زیاتریش لە وەرزی زستاندا بەدی دەکرێ، کڵاو و مێخەکی سەرە، کە



# مۆدەیەکی تازەی پێڵاوی زستانە



هاتنەوەی وەرزی زستان، وادەکات کە چەند گۆڕانکارییەك بەسەر مۆدە و شێوازی جلوبەرگ و جۆری مۆدەکان رووبدات و ئەمەش وەك پێویستییەك بۆ زیاتر گونجاندن لەگەڵ ئەو وەرزەدا، لە کاتێکدا دەرەنجامی مۆدەیەکی تازە دەبێ لە پێشوودا بەرنامەڕێژی بۆ کرابێ، بەمەش دەتوانین شێوازە تازەکان وەك مۆدەیەکی تازە وەربگرین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، یەکێك لەو کەرەستە یان پێداویستییە سەرەکییانەی لەگەڵ هەموو وەرزەکان خۆی دەنوێنێ، زیاتریش شێوازێکی جیاوازی هەیە لە وەرزی زستاندا، لەوەی لە وەرزەکانی دیکەدا هەیەتی، ئەویش پێڵاوە، مۆدەکانی پێڵاو لە وەرزی زستان زیاتر بە پێڵاوی درێژ یان ئەوەی بە پووت ناسراوە باویان دەبێ و زیاتر لەلایەن خانمانەوە بایەخیان پێدەدرێ، لە تازەترین مۆدەکانی پێڵاو، تێکەڵ کردنی شێوازی پاییز و هاوینیان ئامادەکردووە، کە ئەویش بە پێیستی پێڵاوی پاییزدا، کە هەندێك پێستەکە دەبێ ئەستوور و توندتر بێ، لەگەڵ بێ ژێرەوەی پێڵاوی هاوینە (فلات)یان وەرگرتووە و بەمەش مۆدەیەکی تازەی لێوە دەرکەوتووە، ئەویش نموونەیەکی جوانە لە وەرزی زستاندا بپۆشرێ، ئەو پێڵاوە زستانەیە، لەگەڵ زۆربەی جلەکاندا خۆی دەنوێنێ ئەمەش جوانیەکی زیاتر دەبەخشێت، زیاتریش لەگەڵ جینز و تەنوورەی کورت و پانتۆڵی نەرم واتە قوماش دەبێت.



## ـــــلاوی کوردی لەسەرکە

بەشێکی جوانی لەسەر جلە کوردییەکە و شێوازێکی جوانیش دابین دەکات لەو ئێکسسوارانەی لەگەڵ جلی کوردیدا دیمەنێکی شایستە دەردەخەن، کڵاویش چەندین جۆر و شێوازی هەیە، هەندێکیان بە زنجیر و ئێکسسواری لیرە و شێوەی قاشی بچووك دەڕازێنرێتەوە، هەندێکی دیکەش تەنیا بە سادەیی دادەنرێ یان دەکرێ تەڵ و پارچەی بچووك و باریك لەگەڵیدا ڕێکبخرێت، بەمەش کڵاوی لە شێوەی بچووك و گەورە دەخرێتە سەر و بە داوەکان لە مل دەبەسترێ و بە خاوی دەکەوێتە خوارەوە، جوانییەکی بێ سنووری دەبێ لە مۆدەی جلی کوردی.



# دانـــــوو

**ڕەوەند بەختیار**

لـــە دوای کولاندنـــی گەنم لـــە وەرزی کولانـــدن و تـــەواو کولانـــی ئـــەوەی بە دەســـت دێت پێی دەڵێن دانوو،دانوو ناوێکە هەر لەگەڵ ناوهێنانـــی گەنم کولاندن بە خەیاڵماندادێت، گەنمی کولاو هەتا وشـــك بوونـــەوەی پێی دەوترێت دانوو لە پاشـــاندا دەبێت بە کەرەســـەکانی تری وەك ساوار و بروێش و گەنمەکوتـــا و چەندین پێکهاتی دیکە، ڕاستە بەشێکی زۆری دانوو بۆ وشك کرنەوەی و بەکارهێنانی بۆ دورست کردنی دانەوێڵـــەی تر بەکاردێت بەڵام بەشـــێکی بەر لە وشـــك کردنەوە دەخورێت و کەسانێك ئارەزوویـــان لە دانووی گەرمەو حەز بە تام و لەزەتی دەکەن بەشێوەیەك لە هەر شوێنێك ئەگەر دانوو هەبێت ئەوە دەچن لەو شـــوێنە قاپێـــك یان مەنجەڵێکی بچووك دانوو دێنن ئـــەوەی جیا لەوەی هـــەر لەکاتی کولاندا چەندیـــن منداڵی ئەو گەڕەکـــە لەدەوری کۆدەبنـــەوەو لە کاتی تـــەواو کولانیدا هەر یەکەیان بەشـــی خۆی وەردەگرێت، ئەوەی شـــایانی باســـە لەوەرزی پاییزدا لە کۆندا خەڵکی بە شـــێوەیەکی گشـــتی گەنمیان دەکولاند، بەشـــێوەیەك پاش شوشـــتنەوەی گەنمەکـــە لە مەنجەڵی گەورە گەورە دەکرا پاشان بە دار دەکوڵێنرا، بەڵام لە ئێستادا ئەو دیاردەو کولانە لە شارەکان کەم بۆتەوە تەنها لە گونـــدەکان دەبینریٚ، لە لای ئەوان هەر بە تام و بۆی جارانەو ســـاوار و دانەوێڵەی هاوردە بـــەکار ناهێنن و بە خۆیان ئامادەی دەکەن و دەیبەنە ئاش بـــۆ لێکردنی دانووە وشك بووەکە.





# خاوەن دوو درێژترین قژ

مـــاوە ماوە، چەندین ئافـــرەت و کچ دەردەکەون لە جیهاندا، بۆ ئەوەی بەشـــدار بن لە پێشبڕکێی درێژترین قژ، ئەمجارەیان دوو ئافرەتی چینی و ئەمەریکی، لە منداڵییەوە خولیای درێژکردنی قژیانن و تەنانەت هەر یەکە بۆ ماوەی چەندین ساڵە قژی نەبڕیوە تاکو بگەن بە نازناوی خاوەن درێژترین قژ، ئەوەی یەکەمیـــان خەڵکی وڵاتی چینە وناوی (تی لینمی)یە و تەمەنی (٥٧) ساڵە، درێژیی قـــژی دەگاتە نزیکەی (٣)مەتر، ماوەی (١٦) ســـاڵە قژی نەبڕیوە و خزمەتی دەکات، بەڵام ئەوەیان لەبەرامبەر هاوشـــێوەکەی خۆی کاریگەرییەکی وای نییە، چونکە (مانـــدلا)ی خانمی ئەمەریکـــی تەمەنی تەنیا (٣٥) ســـاڵە و درێژیی قژی دەگاتـــە (١٧) مەتر، بەڵام ئەو خانمە ئەمەریکییە گیـــراوەی بەهێزکردن و درێژکردنی قژی بەکارهێناوە تاوەکو بەم درێژییە گەیشتووە.



# پێڵاوێک لە پێستی مرۆڤ!!

ئەو کەرەستانەی بۆ مانایەکی گاڵتەجاری و خۆشی دروست دەکرێـــن، بێگومان جێگەی سەرنجڕاکێشـــان و کاریگەریی دیکەی دەخرێتە ســـەر، لەلایەکی دیکەشـــەوە کەرەستەیەك دەبیٚ و هەر یەکێك بیەویٚ دەتوانێت بەدەستی بهێنیٚ، یەکێك لەو کەرەستە سەیر و سەمەرانە، بریتییە لە دروست کردنی پێڵاوی مرۆڤ لە شێوەی پێســـت و پێی مرۆڤە کە بە شێوازێك دروست کراوە ئەگەر تا لە نزیکدا تەماشای نەکەی، بۆت دەرناکەویٚ چییە و چۆن دروست کراوە، ئەوەی سەیرە لەو پێڵاوەدا، لەگەڵ ئەوەی لە شـــێوەی پێستی مرۆڤە، کەچی شوێنیٚ قەیتان بەستنیشی بۆ کراوە، ئەمەش وادەکات زیاتر دیمەنەکەی سەرەنجڕاکێشـــتر بیٚ، چونکە شتێکی نائاساییە کاتێـــك مرۆڤ قەیتانی پێڵاو لە جەســـتەی خۆی بدات، کەچی لە ڕاستیشدا پێڵاوە و لە شێوەی پیٚ مرۆڤ دروست کراوە.





# ئامادەکاریی بۆ هێنانی (١٥)هەمین ژن

شـــای وڵاتی سوازیلاند کە یەکێکە لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا، ناوی (میســـواتی)یییە و تەمەنی (٤٥) ســـاڵە، ئەو شایە زۆر ســـەیرە بە هەست و ئارەزووی خۆی یاسا و بڕیار دەردەکات، یەکێك لە دوا بڕیارەکانی ئەوە بوو کە نابێ کچان تەنوورەی درێژ بپۆشـــن بەڵکو دەبێ زۆر کورت بێ، مسواتی کە بە شـــای ژنانی ناسراوە، تاوەکو ئێستا (١٤) ژنی هێناوە و هەیە، دوای ئەوەی لە کەرنەڤاڵی ســـاڵانەی بۆ کچانی شۆخ و شەنگ، یەکێك لە کچە نمایشکارەکانی ســـەماکردنی بەدڵ دەبێ و داوای هاوسەرگیری دەکات و کچەکەش بێگومان ڕەزامەند بووە، ئەو کچە ناوی (سیندسوا دلامینی) (١٨) ســـاڵە و وا بڕیارە ئەم شایە لە ماوەیەکی نزیکدا ژنـــی (١٥)هەمین بهێنێ، ئەمـــەش جگە لەوەی شانشـــینەکەی لە ژێر چەتری هەژاری دەناڵێنن و شـــای ژنانی ئەو کارە ســـەیرانە دەکات و ئەمە بە شـــای سێیەم دەناســـرێ و بەردەوام تێکەڵی کاروباری ئافرەتان و کچانی شانشینەکەی دەبێت.







## شاجوانی گەردوون هەڵبژێردرا!

دوای ئامادەکردنـــی ڕێو ڕەســـمێکی شایســـتە بۆ دەستنیشـــان کردنی شاجوانی گەردوون کە لە وڵاتی ڕووسیا ولە شاری مۆسکۆ بەڕێوە چوو، شـــاجوانی گەردوونیان هەڵبژارد، بە بەشداریی (٨٥) شـــاجوانی وڵاتانی جیهان، و لە نمایشێکی جوان و قەشەنگدا، شاجوانی وڵاتی فەنزویلا (گابرێلا ئیسلەر) نازناوی شـــاجوانی گەردوونی پێبەخشرا، پێشـــبڕکێی شاجوانی گەردوون ســـاڵانە ئەنجام دەدرێ لە دوای هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان، ئەمەو لە کۆتایی قۆناغەکاندا هەر یەکە لە شاجوانی ئیسپانیا (پاتریسیا یۆرینا) و شاجوانی وڵاتی ئیکوادۆر (کۆنستانزا باییز) بە بەربووکی شاجوانی گەردوون دانران، جێگەی باســـە شاجوانی گەردوون تاجێکی ئەڵماسی بە بڕی (١٢٠) هەزار دۆلاری ئەمەریکی پێبەخشـــرا کە ســـاڵانە ئەو تاجە لە خانمێکـــەوە بۆ خانمێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

## مانای کچ

ڕۆژێك لە زانایەکیان پرسی کچ مانای چییە؟
زاناکەش خەندەیەك دەکات و دەڵێت : تابلۆیەکە لە شووشە، زۆر ڕوونە تا ڕادەیەك ناخی دەبینی ئەگەر تۆزێك بە نەرمی بیسڕی بریقەدارتر دەبێ، وێنەی خۆتی تیا ئەبینی وەك بڵێی لە شەرم وێنەی تۆ لە لە ناخیەوە دەشاریتەوە، گەر ڕۆژێك شکاندت کۆکردنەوەی زۆر گرانە گەر توانیشت کۆی بکەیتەوە ئەوە هەرگیز ناتوانی دروستی بکەیتەوە لەوانەشە پارچەکانی بریندارت بکات!

## وتەی ناوداران



ژان پۆڵ سارتەر، دەربارەی مرۆڤ دەڵێ :
پێویستە لە ژیاندا هەندێ کەس ون بکەیت، تا بتوانی خۆت بدۆزیەوە.





## کێك لە شێوازی سەمەرەدا

ئەوانەی کاری جوان و سەیر دروست دەکەن، بە گوێرەی بیرۆکە و ئەندازەی کارەکانیانە، تاوەکو بتوانن شێوازێکی نوێ لە کاری جوان و سەمەرە پێشکەش بکەن، بەڵام لەگەڵ بەرهەمکانیان، هەندێك جار سەرکەوتن بە دەست دەهێنن یان ناتوانن بە ئامانجیان بگەن، لەلایەن وەستایەکی دروست کردنی کێك و شیرنەمەنی و هەویرکاری، بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا هات و توانی چەند کێکێك لە شێوەی کەرەستەی دیکە دروست بکات و بیبێتە خاوەن نازناوێکی گەورە، ئەویش (ماییندا ئەلیگری) لە وڵاتی ئەرژەنتین و کارەکانیشی بووە جێگەی خۆشحاڵی و سەمەرەی جەماوەر.

## زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (باران) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سپیە و لە ئاسمان دێتە خوارەوە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەی مرۆڤە و درێژترین ئێسقانی مرۆڤ لەوێیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧+٨) کۆبکەیتەوە بە مانای (شارێکی عێراقە و زۆربەی بیابانە)
- پیتی خانەکانی (٣+٦)کۆ بکەیتەوە بە مانای (هونەر بە عەرەبی)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەم هەفتەیە زۆر وریای خۆت بەو تێکەڵ بەکێشەی کەسانی دەوروبەرت مەبە، ئەگەر هەر گرفتێکیشت هاتە ڕێ، ئەوا بەهێمنی و زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەمڕۆ ئارام بەو هیچ بابەتێ و مەسەلەیەکی هەستیار لەگەڵ دۆستەکەت مەورووژێنە، ڕەنگە دەست بەچەند چالاکییەکی نوێ بکەیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەم ماوەیەدا گوشارەکان لەسەرت کەم دەبنەوە، یاخود چارەسەری گرفتێك دەکەیت، لەبواری دڵدارییەوە بەکاتێکی هەستیار ناسك تێپەڕدەبیت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

چوست و چالاکی وگەشبینیت پێوە دیارە، لەوانەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیی بکەیت و زیاتر دڵخۆش بیت و گوێ بیستی هەواڵی خۆش دەبیت.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەمڕۆ پێویستە لەماملەکانت بپێچیتەوە فەرامۆشیان نەکەیت، چونکە کەسانێك بەدوای ئەوەوەن مافەکانت زەوت بکەن و پێی بگەن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئارامی و هێمنیی خۆت بەدەست دەهێنیتەوە ئارەزووی شوێنی هێمن و دڵگیر دەکەیت، لەم ساتەدا زۆر لەبیری دۆستەکەتدا دەبیت و ئارەزووی دیداری دەکەیت.

## وتـــە

- ئاسمان هەرچەندە گەورە بێت کە مانگی تێدا نەبوو هەر تاریکە، مرۆڤیش هەرچەندە گەورە بێت کە ڕەوشتی تێدا نەبوو هەر بچووکە!

## ئاسـۆیی:

١- وەزیری دادلەحکومەتی قازی محمددا.
٢- شارێکـە لـە سـعودیە(پ) - شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٣- پیتێکی مۆسیقایە – نارا(ت)-دەنگی پاران.
٤- نیوەی پەمۆ(پ)-چیر(ت)-ئەو(ت).
٥- سێ پیتی گیان – نووستو.
٦- شـارێکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە- جـۆرە ئۆتومبێلێکە-گۆ(پ).
٧- جۆرەتانکێکە –وەکویەك .
٨- وڵاتێکی ئەفریقیە-نیل(ت)-وەکویەکە.
٩- یاری(پ)-شارێکی کوردستانی باکور.
١٠- پەیامبەرێکە –بیرۆن (پ).
١١- نیوەی نەوت –ئاژانسـی بۆشـایی ئاسمانی نەوییە تەنیشت .
١٢- شاعیرێکی کوردە لەشنۆ (١٧٧١-١٨٥٦).

## سـتوونی:

١-یەکەم خەلیفەی عەباسی بوو(پ).
٢-دامێنی چیا (پ)-یەمەن (ت).
٣- سەگ –چیایەکی کوردستانە (پ).
٤- پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقیە (پ)- ڕێ .
٥- جۆرە ئۆتومبێلێکە (پ).
٦- خەست (پ)-نیوەی لادا-دووپیتی دین .
٧- خواردنەوەیەکی گازیە –خلیل (ت)-شارێکە لە فەرەنسا (پ).
٨- نیوەی ڕەوت- کچە بێژەرێکی کوردە .
٩- دووپیتی جیهان –وەکویەك –ئەو شـوێنەی کەشتی نوحی تێدا وەستا.
١٠- هۆزێکە لەکوردستان (پ)- پرس.
١١- زار-یەکەم سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان.
١٢- شۆڕشگێڕێکی کوردبوو لە ساڵی (٨١٧- ٨٣٨ ز).

ئا: فەرهاد ناز گەیی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | ■ | ■ | | | | | | |
| ٣ | | | ■ | | | | | ■ | ■ | | | |
| ٤ | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | |
| ٥ | | ■ | | | | ■ | | | | | | |
| ٦ | | | | ■ | | | | | | ■ | | |
| ٧ | | ■ | | | | | | | ■ | | | |
| ٨ | | | | | | ■ | | | | ■ | | |
| ٩ | | | | | ■ | ■ | ■ | | | | | |
| ١٠ | | | | | ■ | ■ | | | | | | |
| ١١ | ■ | | | ■ | ■ | | | | | ■ | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | ■ | | |

## وێنەی مشك و پشیلە

وێنەیەك بە کامیرای خێرا گیراوە و کە گوزارشـت لە خێرایی مشـك و پشـیلە دەکات، لەو کاتەی پشیلە لە دوای مشـکە و دەیەوێ بیگرێ و ڕاوی بکات، ئەمەش لەو کاتەوە وێنەکە گیراوە و دواتر وێنەکە ئامادەکراوە بۆ بینین و کە سـاتەوەختێکە لەو کاتەی پشیلە دوای مشك دەکەوێ، لە کاتێکدا کە بە چاوی ئاسایی نابینرێ.



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی شتێکە لە زستاندا دەردەکەوێ بۆ دەردەچێت :

خ ە ە ش ت

وەڵامی ژمارەی پێشوو: خەنە



## نوکتە

- لە یەکێك دەپرسـن، بۆ کاتێك ساروخ دەهاوێـژرێ، ئاگری لـە دواوەی دەبێ، ئەویـش دەڵـێ: تاوەکو منـداڵ خۆیان پێوەهەڵنەواسن !
- مامۆستایەکی جوگرافیا لە قوتابییەك دەپرسێ، گەرمترین شوێن لەسەر زەوی لە کوێیە، قوتابییەکەش نازانێ و هەڵدەستێتەوە و دەڵێ: حەمام!
- کوڕێـك کچێکی بە دڵـە و نازانێ چـۆن داوای خۆشەویسـتی لـێ بکات و هەسـتی بـۆی دەرببـڕێ، یەکێك لە هاوڕێکانـی پێدەڵـێ: بە سیاسـەت بە لەگەڵی و با تێبگات مەبەستی بە وشەی نهێنـی تێبیگەیەنی، کوڕەکەش ڕۆژێکیان دەچێتە لای کچەکە و پێدەڵێ: بە ڕای تۆ داهاتووی سیاسی عێراق و ئەمەریکا بەرەو کوێ دەچێ!



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەست بەناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ دەکەیت، ئەمڕۆش زیاتر چاودێری کاروبارەکانت بکە، چونکە هێشتا باروودۆخ ئاسایی نەبۆتەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

فشـارو گوشارەکان لـەسـەرت مـاون، بۆیە پێویستە هێمنی و ئارامی خۆت لەدەست نەدەیت و واقعیانە لـەگـەڵ دەوروبـەرت هەڵسوکەوت بکەیت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە بیر لەسەردانکردنی چەند کەسێکی نەخۆش یان زیندانی یان بێچارەو تـەنـیـا بـکـەیـتـەوە بۆ دڵدانەوەیان و هاوکاریکردنیان.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پـاش بەسەربردنی بـارودۆخـێـکـی ناهەموارو ناڵەبار ئەمڕۆ بـارودۆخ باشتر دەگۆڕێت، بەتایبەتی لـەبـواری سۆزدارییەوە دڵخۆش دەبیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیرکردنەوەشت فراوان دەبێت ورەنـگـە چارەسەرییەکی گـونـجـاو بۆکێشەکەت بدۆزیتەوە، گەشتێکی بەسوود ئەنجام دەدەیت، دەستکەوتی ماددیت لەجاران زیاتر دەبێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئـاگـاداری خـۆت بە، ئـەمـڕۆ تـووڕەو توند دەردەکەویت و هەڵچوون بەسەرتدا زاڵ دەبێت و ڕازی نابیت گۆڕانکاری لەهەڵوێستە هەڵەکانت بکەیت.